## دەستبەسەرکرانی ۱۸ مێرمنداڵی کورد لە ساڵی ۲۰۲۱دا لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە + لیستی ناوەکان

هەنگاو: لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا لانیکەم ۱۸ مێرمنداڵی تەمەن ژێر ۱۸ ساڵی لە شارەکانی کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئایینی، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون.

بە پشت بەستن بە ئامارە تۆمار کراوەکانی ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ساڵی ۲۰۲۱ی زایینیدا، لانیکەم ۱۸ مێرمناڵی تەمەن ژێر ۱۸ ساڵ، لە شارەکانی کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون. کەم تەمەنترین کەسەکانیش ٤ مێرمناڵی ١٤ ساڵە بوون.

زۆرینەی ئەو دەستبەسەرکراوانە کە ژمارەیان ١٧ کەسە، بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەستبەسەر کراون و منداڵێکی ٤ ساڵانیش بە هۆی چالاکی سیاسی دایکیەوە دەستبەسەر کراوە.

لە زۆربەی دۆسیەکانیشدا ستاندارده دادوەرییەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی منداڵان و لەوانەش سنووردار کردنی ماوەی دەستبەسەرکرانی بەر لە دادگا، دەستڕاگەیشتنی خێرا بە بنەماڵە، قەدەغە بوونی گوشاری جەستەیی و دەروونی و دەستڕاگەیشتن بە ڕاوێژی یاساییی پارێزەر، ڕەچاو نەکراوە.

بۆ نموونە لێپێچینەوەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە یاساییەکانی تایبەت بە منادڵان و مێرمنداڵان بەڕێوەچوون و لە هێندێک حاڵەتدا کەسی دەستبەسەرکراو لە لایەن ئەو کەسانەی لێپێچینەوەیان لێ کردووە، کەوتووەتە بەر لێدان و توندوتیژی. هەروەها ئەو مێرمناڵە دەستبەسەرکراوانە لە ڕێسا گشتییەکانی وەک ماوەی دەستبەسەر کران و ئاگادار کردنەوەی بنەماڵە و چاوەدێریی پزیشکی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی یاسایی بێبەش کراون.

شیاوی ئاماژە پێ کردنە بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵان کە حکوومەتی ئێرانیش واژۆی کردووە و بە گوێرەی ماددەی ۹ی یاسای مەدەنی کە حوکمی مافە نێوخۆییەکانی هەیە، دەستبەسەرکرانی بەر لە دادگا دەبێ وەک دوایین کردار و ئەگەر زۆر پێویست بێ کەڵکی لێ وەربگیرێ. لەسەر ئەو بنەمایە، مافە نێوخۆییەکانیش لە ماددەی ۲۸۷ی یاسای ڕێسای دادوەریدا،

Info@hengaw.net

پێشبینیی وەها بابەتێکی کردووە. بەم پێیە بنەمای یاساکە لەسەر سپاردنەوەی مناڵ یا مێرمنداڵ بە بنەماڵەکەی یا سەرپەرشتیاری یاسایی ئەو کەسەیە و دەستبەسەرکرانی لە کاتی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، تەنیا بە سەلماندنی پێویستیی ئەم کارە و لە بارودۆخی تایبەتدا ڕێگەی پێ دراوە.

بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، زۆرترین مێرمناڵانی دەستبەسەر کراو کە ژمارەیان ١١ کەس بووە، لە پارێزگای ئورمیە تۆمار کراون ، لە پارێزگای کرماشان ٤ کەس و لە پارێزگای سنەش ٣ مێرمنداڵ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کراون.

خشتەی خوارەوە ناوی سەرجەم دەستبەسەر کراون و وردەکارییەکانی پەیوەندیدارەکانی تێدایە.

## لیستی ئەو مێرمنداڵانەی کە لە ساڵی ٢٠٢١ دەستبەسەر کراون

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تەمەن | تۆمەت | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێشەوا ڕەحمانی فەڕ | مەهاباد | ١٥ | سیاسی | ١٧.٣.٢٠٢١ |
| ٢ | مەتین بەزازی | پیرانشار | ١٤ | سیاسی | ١٧.٤.٢٠٢١ |
| ٣ | شارام ئەرسەن | ماکۆ | ١٦ | سیاسی | ١٣.۴.٢٠٢١ |
| ٤ | ئارمین ئەحمەدی | ئورمیە | ١٦ | سیاسی | ٢٨.٤.٢٠٢١ |
| ٥ | نیما حەسەن پوور | ئورمیە | ١٦ | سیاسی | ٢٨.٤.٢٠٢١ |
| ٦ | ژینا حەسەنی موقەدەم | سەقز | ١٦ | سیاسی | ١٨.٦.٢٠٢١ |
| ٧ | فەرشید مەجیدی نژاد | سنە | ١٧ | سیاسی | ٨.٧.٢٠٢١ |
| ٨ | ئارا ئەحمەدی | جوانڕۆ | ١٦ | سیاسی | ٢٤.٨.٢٠٢١ |
| ٩ | سونیا کەریمی | جوانڕۆ | ١٤ | سیاسی | ٢٤.٨.٢٠٢١ |
| ١٠ | پەریا فەتحی | جوانڕۆ | ١٤ | سیاسی | ٢٤.٨.٢٠٢١ |
| ١١ | محەمەد فەردانی | سەردەشت | ١٥ | سیاسی | ٧.٩.٢٠٢١ |
| ١٢ | مێهرسام ڕەسوولی | سەقز | ٤ | _ | ٢٤.٩.٢٠٢١ |
| ١٣ | ئەحمەد خالیدی | چالدێران | ١٦ | سیاسی | ئۆکتۆبر |
| ١٤ | سینا مینایی | شنۆ | ١٨ | سیاسی | ٣.١١.٢٠٢١ |
| ١٥ | عەبدوڵڵا یوسفی | شنۆ | ١٨ | سیاسی | ٣.١١.٢٠٢١ |
| ١٦ | شەرارە ئیسماعیلی | سەردەشت | ١٧ | سیاسی | ١٥.١١.٢٠٢١ |
| ١٧ | شارام ئیبراهیمی | شنۆ | ١٦ | سیاسی | ١.١٢.٢٠٢١ |
| ١٨ | دانیال کەرەمی | کرماشان | ١٥ | سیاسی | ١٢.١٢.٢٠٢١ |
| ١٩ | | | | | |
| ٢٠ | | | | | |

Info@hengaw.net